# تیرۆر لەدەرگای ماڵەكانمانە پێویستە خۆمان دووری بخەینەوە

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com

له رۆژی 9ی ئایاری ساڵی 2007 جارێكی تر شەشەمە كوێرەكان ئەوانەی چاویان روناكی نابینێت و عـەوداڵ و شـەیدای تاریكین و ئۆخژنیان بە خـوێن رشـتن و رەشپۆشـی خەڵكدا دێت دەسـتی نـەگریس و چـەپەڵیان گەیـشتەوە پـیرە شـاری هەولێر ، ئەمە یەكەم و دوا كاری تیرۆرستی نەبووە و نابێت چونكە كورد گوتەنی :(( ئەوەی نزیك كورە بێت پریـشكی ئـاگری بـەر دەگـەوێت )) ، هەرێمەكـەی ئێمـە لـە چوارچێوەی ئێراقێكدایـە كـە وەكـو مەنجـەنیق جۆشـی وەرگرتـووە و دەكوڵێت و خوێن رشتن لە هەموو شتێك تێدا هەرزانـترە ، هەموو سنورەكانمان كراوە و وازە لـە بـەردەم هـاتنی ئەوانـەی لە خوار و ناوەڕاستی ئێراق دەژێن كە بەشێكیان لە تاو مەرگ بۆ كوردستان هەڵدێن و بەشێكی تریان مەرگ بـۆ خـەڵكی ئاشتی خوازی كوردستان دەهێنن ، نیەت و سـینەمان سـافە و دڵمـان پاكـە و بـە سـۆز و میهرەبانیـەوە یارمـەتی و داڵـدەی لێقەوماوان دەدەین ، هەندێك لە پەنا و سایەی ئەوانەی كە لە تاو مەرگ دێنە كوردستان خۆیان مەڵاس و حەشـارداوە و لە پەنای ڤۆستنەوەی ئەو بەزەیانەوە زەفەرمان پێدێنن و جوانیەكان و بەها مرۆیەكان و مرۆڤدۆسـتانەمان لـە بەرچـاو تاریك و ناشرین دەكەن .

چوار دەورمان وڵاتانێكن جگە لەوەی چاویان بەرای نادات كوردستان ئاوەدان و ئارام ببینن وڵاتەكانیشیان بووەتـە مـەئوا و لانەی تیرۆرستان و دەست لە پشتی ئـەو گـروپ و بانـدە تیرۆرسـتانە دەدەن و كۆمـەكیان دەكـەن تـاكو ژیـانی ئـارامی و ئاسودەی لە حكومەتی هەرێم و دانیشتوانی كوردستان تێك بدەن ، گەلی كورد نابـەزێ چونكە نەهامـەتی و مـاڵوێرانی و كوشت و بڕی زۆری دی و بەربەرەكانی كرد، خاراوی ئەو زۆرانبازیەیە كە نازانێ كۆڵدان چییە و ئامبـازی گـشت دیـاردە ناشرینەكان دەبێتەوە و بۆ ئامانجەكانی تێدەكۆشـێ و دژی هـەموو كـارە ڤیـزەون و نامرۆڤانـەكان رادەوەسـتێت و بـەرەو زبڵدانی مێژوو توڕیان هەڵدەدات .

لەمەولا دەبێت هەموو هاووڵاتیانی كوردستان چاوكراوە بن بۆ هەر دەستێكی ڕەش كـە دەیـەوێت مـار ئاسا بمانگـەزێت و گەرای تیرۆر لە خەكەكەمانـدا دابنێـت ، دەبێـت هـەموو تـاكێكی ئـەم كۆمەڵگایـە خـۆی بـە ئاسـایش و هێزەكـانی نـاوخۆ بزانێت بە هوشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ دیـاردە نـامۆ و ڤیزەونەكانـدا بكـات ، دەبێـت گـشتمان هەسـت بەبەرپرسـیاریەتی بكەین بەرامبەر بە ویژدانی خۆمان چونكە بیدەنگیمان لە ئاست هەر كارێك لەو بابەتانە كە دەیانەوێت ئەنجامی بـدەن بۆ رەشـە كـوژی و قـەتڵ و عـامكردنی خـەڵكی ئـەوا شـەریكی تاوانەكـەین ، چـۆنكە ئـەم پـاپۆڕە غـەرق بێـت هـەمووومان دەخنكێین ، ئێمە جاران خوا و چیاكان دۆسـت و پـشتمان بـوون ئـەبێت ئـەمڕۆش پـشت بـە خۆمـان ببەسـتین ( چـونكە ئەمە هەر بەخۆمان دەكرێت ) تاكو ئاگری شەڕی تیرۆرستان دزە نەكاتە ناو ماڵەكانمانەوە و ژیانمان لێبكاتە زەقنەبوت .

پێویستە حكومەتی كوردستان لەمـەودا رێگا چارەیەكی تـر هەڵبـژێری بـۆ ئـەو خەڵكانـەی كـە لـە باشـور و ناوەڕاسـتی ئێراقەوە روو دەكەنە هەرێمی كوردستان .